# شازیەستـــــــــان...!

**هەموو فڕگەوپارك وباڵاخانەو شاری خەونەکانتان نرخی یەك دڵۆپ خوێنی رژاوی ژنێکی کوردستانی نییە**

**نورەدین وەیسی**



**ساڵێك لەمەوبەر شازیە خالید لە شارۆچکەکەی خۆشیدا هەموو کەس نەیدەناسی ،وەڵێ هەنووکە نێوبانگی شازیە سنووری وڵاتەکەشی بڕیوەوبووەتە سیمبول وهێمای دەستدرێژیکردنە سەر ژنان وپێشێلکردنی مافەکانیان لە وڵاتانی ئیسلامیدا.**

**دوکتۆرشازیە بزیسکێکی پاکستانییە وخەڵکی هەرێمی بلوجستانە شەوی 2جەنیوەری 2005 لەکاتێکدا بەتەنیا لەماڵەوە بووە (هاوسەرەکەی بۆ کارکردن چوو بووە ئیمارات ) درەنگی شەو کەسێکی دەموچاو پێچراو خۆی دەخزێنیتە ژووری نووستنەکەی ودەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەروتا بەرەبەیان کاری سێکسی لەگەڵ دەکاو دواتریش هەڵدێ ، شازیە دەمودەست پەیوەندی بە هاوسەرەکەیەوە دەکاو ئەویش یەکسەر دەگەڕێتەوە پاکستان وبەپێچەوانەی زۆر رووداوی هاوشێوە نەك هیچ گومانێك لە هاوسەرەکەی ناکابەڵکو دڵی هاوسەرەکەی دەداتەوەوپشتگیری لێدەکات ودەیباتە نەخۆشخانە کە ماوەی چەندین رۆژ لەبەرخراپی باری دەروونییەکەی لە ژێرچاودێری بزیسکیدا دەمێنێتەوە، لەهەمانکاتدا لە بنکەی پۆلیسیشدا شکات دەکات ،لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت دەستدرێژکەر کەناوی کاپتن حەماد بوو بەرپرسێکی پۆلیسی شارەکەبووە ، کەچی حکومەتی پاکستان لەجیاتی دەستگیرکردن ودادگایی کردنی ئەفسەرەکە لەبەرزترین ئاستدا کەوتنە داکۆکیکردن لێی وهەڕەشەی کوشتنیشیان لە شازیەکرد ئەگەر بێدەنگ نەبێت .**

**حکومەتی پاکستان هەموو هەوڵێکی خستەگەر تا کەیسی شازیەش وەك دەیان کەیسی دیکەی ژنانی پاکستانی کە دەستدرێژیان دەکرێتە سەر دیزەبەدەرخونە بکات ، وەڵێ بەپێچەوانەی ویستی ئەوان کێشەکە گەیشتە میدیای نێوخۆیی وئینجا میدیای جیهانیش کە گرنگییەکی زۆریان پێدا ، رژێمی میلیتاری پاکستان کەزانی خەریکە پرسەکەی لەدەست دەردەچێت ئیدی کەوتەهەوڵی ئەوەی بەهەرجۆرێك  بێت شازیە رازی بکات ئەوەبوو سەرپشکی کرد لەنێوان قەرەبووکردنەوەی دارایی یان ناردنی بۆ هەروڵاتێك کەخۆی پێخۆش بێت،چونکە شازیە هەندێ خزم وکەسوکاری لە کەنەدا هەبوو بۆیە کەنەدای هەڵبژارد وخۆی وهاوسەرەکەی پاکستانیان بەجێهێشت  بەڵام بەهۆی مانەوەیان بۆ چەند رۆژێك لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، مەرجی وەرگرتنی مافی پەنابەری لەکەنەدا لەدەستدا وئێستا لەبەریتانیا چاوەڕێی ئەوەیە کاروبارەکانی کۆچکردنی بۆکەنەدا تەواو ببێت.**

له پاكستاندا دەستدرێژیكردنه سەرژنان تۆمارێكی دوورودرێژی هەیەو رۆژانه رووبەرووی ژنانی ئەو وڵاته دەبێتەوه ،بەڵام تەنها رووداوەكەی شازیەو موختاران بی بی لەلایەن میدیاكان بەتایبەتیش له دەرەوەی پاكستان تیشكیان خرایه سەر، موختاران بی بی ئەو ژنه بوو كه ساڵی 2002 لەتۆڵەی ئەوەی براكەی پەیوەندی لەگەڵ كچێكدا هەبوو ،لەلایەن خزموكەسوكاروخێڵی كچەكەوە بەكۆمەڵ دەستدرێژی سێكسی كرایه سەر.

هاوینی رابردوو 2005 لەكاتی سەردانی سەرۆكی پاكستان پەروێز موشەرەف له ئەمریكا، رۆژنامەی واشنتۆن پۆست دیدارێكی لەگەڵ كردویەكێك له تەوەرەكانی دیمانەكەی پرسی ئەتككردن ودەستدرێژیكردنه سەر ژنان بوو ، موشەرەف به تووڕەبوونەوە گوتی( لەهەموو شوێنێكی دنیا ئەم پرسه هەیه ،بەڵام بانگەشەكردنی دەستدرێژی سێكسی لەپاكستان بووەته بازرگانی وئاسانترین رێگەیه بۆ پارەكۆكردنەوەو وەرگرتنی ڤیزه بۆ چوونه كەنەدا،د.شازیه بۆ پارەوچوونەكەنەدا ئەو كەیسەی دروستكردوتائێستاش بەردەوام لەدژی پاكستان قسه دەكات)، لێدوانەكانی موشەرەف ژنانی پاكستانی زۆر تووڕەكردوخۆنیشاندانی گەوره لەدژی قسەكانی له ئیسلامئاباد بەڕێوەچوون، سەرۆك وەزیرانی كەنەداش بەتوندی نارەزایی بەرامبەر قسەكانی موشەرەف دەربڕی ، سەرەنجام سەرۆكی پاكستان بۆ كڕینەوەی ئابڕووی خۆی دەمودەست لێدوانێكیدا وگوتی قسەكانی لەلایەن واشنتۆن پۆستەوە دەستكاریان كراوەو ئەوقەت ئەو قسانەی نەكردووه كەچی لەبەختی رەشی سەرۆكی پاكستان واشنتۆن پۆست كاسێتی چاوپێكەوتنەكەی بەدەنگی موشەرەف له سایتەكەی خویدا بڵاوكردەوە.!

پاكستان تاكه وڵاتی ئیسلامییه كەخودان بۆمبی ئەتۆمییه كەچ خۆی وچ وڵاته ئیسلامییەكان خۆیان بەوبۆمبه ئەتۆمییه هەڵدەدەنەوە، وەڵێ هەبوونی بۆمبی نیوكلیاری نەیتوانیوه پاكستان لەو ئابرووچوونه رزگار بكات كەبەهۆی پێشێلكردنی مافی ژنان ودەستدرێژیكردنه سەریان دووچاری هاتووەو بۆمبی ئەتۆمی لەبەرامبەر كەیسی موختاران بی بی ودوكتۆر شازیه دەستەوەستان بوو .

پێشكەوتنی هیچ وڵاتێك پەیوەست نییه به هەبوونی بۆمبی نیوكلیاروچەك وتەقەمەنی پێشكەوتوو یان باڵاخانەوئەپارتمانی وتاوەری بەرز هێندەی بەنده بەوەی چەند مافەكانی مرۆڤی تێدا پارێزراوەورێزیان لێدەگیرێت.

مینا پاكستان ،لەكوردستانیش درِندانه رەفتارلەگەڵ ژنان دەكرێ وتەنانەت وەك مرۆڤیش تاماشای ناكرێت،دەسەڵاتتدارانی كوردستان وەك كاربەدەستانی پاكستان جگەلەوەی خۆیان پێشێلكەری مافەكانی مروڤ ومافەكانی ژنانن، پشتیوانی ولاگیریش لەیاساودابونەریته پاشڤەرۆكان وبكوژانی ژنان دەكەن، لەدوای راپەڕینەوه بەسەدان ژن كوژراون وئەم ئابرووچوونەش هەربەردەوامەورۆژ نییه رۆژنامەكانی كوردستان هەواڵی ژنكوشتنێك بڵاونەكەنەوە كەچی تا ئێستا یەك تاكه كەسیش لەسەر ژنكوشتن نەگیراوە.!

كاربەدەستانی باشووری كوردستان بەسەدان ملیۆن دۆلار له پروپەگەندەوریكلامكردن بۆ ئەزموونی دیموكراتیكی هەرێمی كوردستان و(كوردستان : عیراقەكەی تر Kurdistan the other Iraq)

لەمیدیاکانی ئەوروپاوئەمریکا خەرجدەکەن وگوایا لە کوردستان ڕێزلەمافەکانی مرۆڤ بەگشتی ومافەکانی ژنان دەگیرێت ،کەچی ڕاستیەکەی ئەو کوشتارگەیەیە کەبەچاوی خۆمانەوەدەیبینین ،ئیدی هەتاکەی درێژەبەو درۆودووروویيانە دەدەن، پانزە ساڵە بڕوبکوژی کوردستان خۆیانن کەچی تازەکی بڕیاری قەدەخەکردنی ژن بەژنی وگەورەبەگچکەو ژندان لەبری خوێن دەردەکەن!، نازانم بە چ ڕووییێکەوە بانگەشەی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی ژنان دەکەی لەکاتێکدا سەرچاوەی سەرەکی یاساکانی کوردستان شەریعەیە کەپڕە لە جیاوازی وهەڵاویردنی سێکسی.

دروستکردنی هەزار کۆشك وهوتێل وفرینگە وئەپارتمان وباڵاخانەوپارك و شاری خەونەکان وتەنانەت دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیش ناتوانێت مێدالیای پێشکەوتن وشارستانی بە بەرۆکی کوردستانەوە بکات ئەگەر بەراستی مافەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراونەبن،بۆیە هەموو فرگەوپارك وباڵاخانەو شاری خەونەکانتان نرخی یەك دلۆپ خوێنی ڕژاوی ژنێکی کوردستانی نییە.